ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێل) دەریدەکات

ژمارە (١٣) ٢٠١٠/١٠/١٣

لەیادی شەستو شەش ساڵەی دامەزراندنیدا

کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو ئایندەی پڕ خزمەتگوزاریی

ئاسۆی کتێبخانە

لە تەمەنی دوورودرێژو پڕ لە خزمەتیدا، کتێبخانەی گشتیی ، نەك هەر لە مەڵبەندی خۆیدا (سلێمانی) سلێمانی، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستاندا بووەتە نیشانەیەك کە نەوە دوای نەوە شانازیی پێوە بکەن.

وێڕای ئەو ڕۆڵە مێژوویی‌یەی لە بواری ڕۆشنبیریو پەروەردەدا، کتێبخانەی سلێمانی بەردەوام سیمبولی دابینکردنی سەرچاوە بووە بۆ خوێنەرو خوێندکارو روناکبیرو توێژەران، هەرچۆن جێگایەکی ئارامیشە بۆ کۆششو ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەی قوتابیو خوێندکارانی کورد. لەیادی شەستو شەش ساڵەی دامەزراندنیدا، بێجگە لە بەرزڕاگرتنی یادی هەموو ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان خزمەتیان بە کتێبخانەکە گەیاندووە، دەخوازین ئایندە کتێبخانە بتوانێت پلانی نزیكو دووری جێبەجێ بکاتو هاوکات بازنەکانی خوێندنەوەو خۆپەروەردەکردن لەم ماڵە ئاوەدانەدا فراوانتر بێت.

لەم یادە شکۆدارەدا، کە هاوکاتە لەگەڵ یادی دەرکردنی یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)، ئاواتەخوازین حکومەتی هەرێم بەرچاو ڕوونترانە بڕوانێتە ڕەوشی کتێبخانەکانو خزمەتو ئاڕاستەی کارمەندە پسپۆڕو شارەزاو دڵسۆزەکانیش بە جۆرێك بکرێت کە ڕووی گەشی شارستانییانە نیشانی هامشۆکەران بدرێت.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی

پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمانو دەستخۆشیتان لێ دەکەین بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەرچوونی بڵاوکراوەکەتان(**ئاسۆی کتێبخانە**) کە تاکە بڵاوکراوەیە لە کوردستان گرنگی بدات بە بواری زانستی زانیارییەکانو کتێبخانەو لەماوەی ساڵی ڕابردوودا چەندەها بابەتی بەپێزو بەنرخ بڵاوکراوەتەوە، کە خزمەتێکی باشی بەکارمەندانی کتێبخانەکانو خوێندکارانی بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە کردووە.

هیوادارین کە بەردەوام بنو بابەتی بەپێزو ئەکادیمی تر پێشکەش بە بواری زانیارییەکانو کتێبخانە بکەن، ئێمەش بەڵێنتان دەدەینێ کە هەمیشە هاوکارتان بین، وەك چۆن لەوەو پێش بە بابەتو بەشارەزایی مامۆستا بەڕێزەکان هاوکارتان بووین

د. نیان کەمال ڕەشید
سەرکۆی بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە
لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی

بەرەو ئاسۆی گەشتر

لە هەرێمی کوردستاندا، کۆنترین کتێبخانەی گشتی، کتێبخانەی سلێمانییە کە لە ساڵی ١٩٤٤دا دامەزراوە، هەڵبەتە ڕۆڵی کتێبخانە وەك ڕۆژی روناك دیارەو یارانی وشەو روناکبیریی کوردی ئەو گەواهییەی بۆ دەدەن.

ئاسۆی کتێبخانە، یەك لەبەخششەکانی کتێبخانەیەو ئەگەر ئەمڕۆش بەتەواوی لەخواستی ئێمەدا نەبێت، ئەوا هەست دەکەین خوێنەرانی سوودمەندن لێیو بڕواشمان زۆرە ئایندە بەرەوپێشتری ببەین.

بەڵام، هەزار ئەفسووس ، تائەمڕۆ یەك کارمەند لەم کتێبخانەیە بەمەبەستی زانیاری وەرگرتنو بینین هەلی بۆ نەڕەخساوە بچێتە دەرەوەی سنووری هەرێمەکەمان، هەرچۆن لە دەرەوە پسپۆڕانیش نەهێنراون تا خولی تایبەتمەند بۆ کادیرانی ئەم کتێبخانەیەو سەرجەم کتێبخانەکانی تر بکەنەوەو شتێك لە زانستو زانیاریی هاوچەرخی تایبەت بە بوارەکەی خۆمان پێبگات.

پێویستە، لەم (دوو) یادەدا، یەکەمین جار داوا لە کارمەندە بەڕێزەکانی خۆمان بکەین کە خەمخۆرانەتر دێژەدەر بن بەکارو بەخششیان، هاوکاتیش ڕووی دەم بکەینە پەیوەندیداران؛ بەبەرنامەی زانستو چڕوپڕترەوە ئاوڕ لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان بدەنەوەو هەمیشە ئەو ڕاستییە لەبەرچاومان بێت، کەبەشێك لەئایندە پەیوەستە بەرەوشی خوێندنو خوێندنەوەو باش بەڕێوەچوونی خزمەتگوزاریی کتێبخانەکانەوە.

سەرنووسەر

سوپاسنامەی (ئەپڵ) بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

کارزان شێرکۆ

بەرامبەر هاوکاریی کردنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بۆ بەشداریی ژمارەیەك لەمندالان کە لە (خولی فێربوونی زمانە بیانییەکانو خولی کۆمپیوتەردان لە پەیمانگای ئەپڵ) لە هۆڵو بەشەکانی کتێبخانەدا، پەیمانگای ناوبراو ئەم سوپاسنامەیەی ئاراستەی کتێبخانە کردووە:

لە شاری سنە چوارەمین پیشانگای کتێب

ڕۆژان سەیفور

چوارەمین پیشانگای گەورەی کتێب لە شاری سنە کرایەوەو لە ١٣–٩/١٩ بەردەوام بوو. لەم پیشانگایەدا ٢٥ هەزار ناونیشان بەکۆی ٢٥٠ هەزار کتێب لە ١٧٥ هۆڵدا نمایشکرا، تیایدا (٢٠٠)خانەی چاپو بڵاوکردنەوە کە(١٦٠)یان ناوخۆیی بوون بەشداریان کردبوو، هەروەها ١٢٠ هەزار کەس سەردانی پێشەنگاکەی کردو کتێبەکانیش بەداشکاندنی ٤٠٪ ی نرخەکانیان فرۆشران.

جێگەی ئاماژەپێدانە کە ٣٠٠ ناونیشانی کتێب لە بواری منداڵاندا نمایشکرابوو کە ژمارەیەکیان بەزمانی کوردی بوونو لە لایەن نووسەرە کوردەکانی شاری سنەوە نووسراو؛ یان وەرگێڕدراو بوون، هەروەها خستنەڕووی وێنەو خوێندنەوەی چیرۆك لە لایەن منداڵانەوە بەشێك بوو لە چالاکییەکانی پیشانگاکە.

Fars News Agency

هەردوو کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجەو (هاکنی) لە پەیوەندیدان

دوابەدوای سەردانی بەڕێزان (تۆماس کاریگنو خاتوو لیزی لۆنگتیل) بۆ شاری هەڵەبجە لە بەهاری ڕابردوداو سەردانی کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە، بڕیاری دروستکردنی پردێکی پەیوەندیی لە نێوان هەردوو کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجەو کتێبخانەی گشتی (هاکنی) لە لەندەن درا، بۆ ئەم مەبەستە لێپرسراوی کتێبخانەی هەڵەبجە (جەبار عەلی محەمەد) لە ڕێی وەفدی ناوبراوەوە چەند کتێبێکی دەربارەی کارەساتەکانی گەلی کوردو شاری هەڵەبجە؛ لەگەڵ ئالایەکی کوردستاندا پێشکەش بەکتێبخانەی گشتیی هاکنی کرد، کە هەفتەی ڕابردوو لە ڕێوڕەسمێکدا بەڕێزان (تۆماس کاریگنو خاتوو لیزی لۆنگتیل) بەجلو بەرگی کوردییەوە ئەم دیاریانەیان داوەتە کتێبخانەی ناوبراو، لە وەڵامی ئەم پەیوەندییەدا کتێبخانەی هاکنی کۆمەڵێك کتێبی تایبەت بەمندالانو نامەیەکی فەرمیی ئاڕاستەی کتێبخانەی هەڵەبجە کردووەو تیایدا خوازیارن ئەم جۆرە پەیوەندییانە بەردەوام بێت.

4 کتێبخانەی سلێمانی لە ئەستەنبوڵ

6 ئاسۆی کتێبخانەو کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

9 کتێب لە چاخە دێرینەکاندا

10 سیستمی دیوی بۆ کتێبخانەی کوردی